# نامەیەکی دوور بۆ نازەخان

کاوە زەنگەنە
بوڵگاریا 1979

ئەی فریشتە

شەو بێ ئامان لێم ناڕوات و

هەنگاو هەنگاو خەوم ئەبات

خەو لەچاوم ناکەوێت و

درێژی شەو چاوەڕوانە بەدیت بکات

تۆش کاتێك دێیت

شەو دەستی لە گەردنم توند کردوەو

دەمخنکێنێت!!

کاتێك دەچیت...!

سپیدەی دا..

شەو پاش گەزەو  دەست لە تاوانی

هەڵدەگرێت...!

****          ****        ****

ئەی فریشتە

کاتێ دەچمە سەر پێخەف و

چاوەکانم دەست بەست دەبن...!

بۆ تابلۆی ڕووی شیرینت زیاتر

شاشە نابن..!

****        ****       ****

**ئەی فریشتە**

**خۆزگە شەوێك لەم ژیانە**

**میوانمە بوویت.!!**

**خۆزگە شەوێك تا دەم بەیان**

**لێو بەخەندە لەلام دەبوویت ..!**

**خۆزگە ساتێ لێوی وشکم بەلێوانت**

**پاراو دەبوو..**

**خۆزگە شەوێك لە بێخەوی**

**ڕزگارمە بوو..!**

**** **** **

**ئەی فریشتە**

**ئەگەر ڕۆژێك ڕێت هەڵە کرد**

**ڕێگات کەوتە ئەم جێگایە.!**

**هەواڵت پرسیم..!**

**پێیان بڵێ .!**

**ئەوەم دەوێ.!**

**شەو تابەیان ئێشك گرەو**

**هەرگیز نانوێ.!**